# ڕێنمایی بۆ هەنگاوەکانی هەڵسەنگاندی تەمەن



ڕێنماییەک لە لایەن
کەسانی گەنجەوە کە
هەڵسەنگاندی تەمەنیان
بۆ کراوە

# ئێمە کێین ؟

ئێمە سەر بە گروپی
هەموان بۆ یەکین
(ئۆڵ فۆ وەن)

هەموومان بەتەنیا لە
شانشێنی یەکگرتووین، لە
مانچستەری گەورە دەژین.
هەموومان ئەزموونی
پرۆسەی هەڵسەنگاندنی
تەمانمان هەیە.

ئێمە ئەم ڕێنماییەمان نەخشاندووە کە یاریدەی
کەسانی دیکە بدات کە بە پرۆسەی
هەڵسانگاندنی تەمەندا تێدەپەڕن وە یاریدەی
گۆڕانکاری بدات لە شێوازی کارگەرە
کۆمەڵایەتیەکان وە هۆم ئۆفیس (وەزارەتی
ناوخۆ) کە هەڵسەنگاندنی تەمەن ئەنجام دەدەن

ئێمە دەمانهەوێت گۆڕانکارییەکی
ئەرێنی ئەنجام بدەین بۆ ئەو کەسانەی
کە لە هەمان هەل و مەرجی ئێمەدان.

# هەڵسەنگاندنی تەمەن چییە؟

هەندێک کات خەڵکانێک دەگەنە شانشینی یەکگرتوو(یوکەی) بە بێ هیچ بەڵگەنامەیەک کە تەمەنیان نیشان بدات.

ئەگەر هۆم ئۆفیس یان کارگەری کۆمەڵایەتی بیرکەنەوە کە کەسێک دەڵێت منداڵە، لەوانەیە گەورەتربن لەوەی کە تەمەنیان بە بەڵگەوە بیسەلمێنن ، ئەوکاتە لەوانەیە شتێک ئەنجام بدەن کە ناوی هەڵسەنگاندی تەمەنە.

هەڵسەنگاندنی تەمەن بەکار دەهێنرێت بۆ بڕیاردان لەسەر بەرواری لە دایک بوونی ئەوکەسە کە لە شانشینی یەگرتوو دەبێت.

**ئەم ڕێنماییە هەڵسەنگاندنی تەمەن ڕوون دەکاتەوە کە چییە وە چۆن دەتوانین یارمەتی بە دەست بهێنیت ئەگەر پێویستت پێی بێت.**





# لە هەڵسەنداندنی تەمەندا کێ کێیە ؟

## کەرگەری کۆمەڵایەتی هەڵسەنگێنەری تەمەن



. دەبێت دوو کارگەری کۆمەڵایەتی هەبێت لە هەڵسەنگاندنی تەمەندا. لەوانەیە جیاواز بن لە ئەو کارگەرە کۆمەڵایەتیانەی کە ئاگادرتن.
. ئەوان لەوێن کە پرسیار بکەن لە هەڵسەنگاندنی تەمەنەکەدا و وە بڕیار بدەن ئەگەر پێیان وابێت تۆ منداڵیت.
. لەوانیە جیاواز بن لەو کارگەرە کۆمەڵایەتیانەی کە ئاگایان لێتە.



## وەرگێڕ

. وەرگێڕەکە لەوێیە بۆ ئەوەی کە پرسیارە ئینگلیزیەکانی کارگەرە کۆمەڵایەتیەکەت پێ بڵێ و پاشان تۆش چی بڵێیت بە زمانی خۆت بۆ ئەوان.
. ئەوان دەبێت شتەکانت بۆ ڕوون کەنەوە وە ووشەکانیان سادەبێت.

## گەورە ساڵی شایستە



. کەسی گەورە ساڵی شایستە دەبێت سەربەخۆ بێت وە کەسێک بێت متمانەی پێ بکەیت.
. دەبێت لەوێ بن بۆ چاوەدێریکردنی تۆو باشترین بەرژەوەندییەکانی تۆ.
. ئەوان لەوێن کە دەنگ هەڵبرن ئەگەر هەر شتێکت پیوسیت بێت، پشوویەک، ئاو، بۆ دەست بە ئاو گەیاندێک یان ئەگەر هەست بکەن کە مامەڵەی باشت لەگەڵدا نەکراوە.
. ئەوان لەوێن کە پرۆسەکەت بۆ ڕوون کەنەوە و پشتیوانی زیاترت بدەنێ.

# کەسانی کە دەستیان هەیە لە سەرپەرشتی کردن تۆ کێن

## کارگەرە کۆمەڵایەتیەکەت



. ئەمە ئەوکەسەیە کە سەر بە دەسەڵاتدارێتی ناوچەکەیە بۆ پشتیوانیکردنت لە شانشینی یەکگرتوو. دەبێت پرسیارت لێبکەن کە چییت دەوێت وە بەشێوەی بەردەوام چاویان پێت بکەوێت تا دڵنیا دەبن هەمووشتێک باشە.

. دەبێت پەیوەندی بکەیت بە کارگەرە کۆمەڵایەتیەکەتەوە ئەگەر هەر کێشەیەکت بوو یان نیگەرانییەک.

. کارگەرە کۆمەڵایەتیەکەت لەوانەیە داوای هەڵسەنگاندنی تەمەنت بۆ بکات ئەگەر وابیربکاتەوە کە تۆ بەتەمەنتر بییت یان منداڵتر بیت لەوەی کە دەیڵێیت کە هەیت.

. دەبێت دەربارەی ئەمە گفتوگۆت لەگەڵ بکەن و بۆت ڕوون بکەنەوە کە ئەمە چییە

## خێزانی هەڵگرەوەوە یان کارمەندی خانوبەرە



**. لەوانەیە سەرپەرشتیت بکرێت لە ناو خێزانێک دا یان لە ماڵێکدا**

**کە خەڵکی گەنجی کەی تیدا بژی وە کارمەندیش کە یان لەوێ بژین**

**یان سەردانت بکەن.**

**. پێویستە هەستی دڵ خۆشی و پارێزراویت هەبێت لەو شوێنەی لێی دەژیت.**

**ئەم خەڵکانە لەوێن کە ئاگاداری تۆ بن، یان یارمەتیت بدەن کە ئاگاداری خۆت بیت.**

**ئەگەر پێویستت بە یارمەتی بێت کە فێربیت چۆن خواردن دروست کەیت، پاککردنەوە، یان**

**بازاڕکردن، پێویستە لەوان داوا بکەیت.**

ئەگەر مامەڵەی تویان نەکرد وەک منداڵ لەوانەیە لە خانووبەرەیەکدا بژیت لەگەڵ گەورە ساڵاندا. ئەم ڕێنماییە پێت دەڵێت بۆ وە چۆن یارمەتی بەدەست بهێنیت بۆ ئەم مەبەستە.

## پارێزەری پەناهەندەیی (نوێنەری یاسایی)



ئەم کەسە یارمەتیت دەدات بۆ داخوازییەکەت بۆ مانەوەت لە شانشینی یەکگرتوو

- ئەوان پرسیارت دەرابارەی ژیانت لێدەکەن و هۆکارەکانی کە وولاتی خۆتت جێهێشتووە بۆ ئەوەی کە بتوان بۆ هۆم ئۆفیسی ڕوون کەنەوە .

دەبێت وەرگێرت هەبێت لەم چاوپێکەوتنانەت دا کە پێوسیتت بە چاوپێکەوتنێک هەبێت وە دەتوانیت گەورساڵێکت لەگەڵ بێت کە متمانەی پێ بکەیت.

ئەگەر هەست بە نیگەرانی دەکەیت یان هیچ دەربارەی کەیسەکەت تێناگەیت، پێسویستە پرسیاریان لێبکەیت.

## پارێزەری ئاگاداری کۆمەڵایەتی یان یاسای گشتی



ڕەنگ بێت بتوانیت پارێزەرێکی دیکەت هەبێت کە یارمەتیت بدات ئەگەر تەمەنەکەت قبووڵ نەکرا.

- ئەم ڕێنماییە ڕوونکردنەوەی زێدەتر دەادات دەربارەی ئەوەئ کە چی ڕوودەدات لەم هەل و مەرجەدا.

# ئەزموونی ئێمە وە ئامۆژگاریمان بۆ تۆ.

## لە هەڵسەنگاندنی تەمەندا چی ڕوو دەدات؟


هەموو هەڵسەنگاندنێکی تەمەن جیاوازن لەیەک، بەڵام لە کاتی هەڵسەنگاندنی تەمەندا پێویستە دوو کارگەری کۆمەڵایەتی ئامادەبن، وەرگێڕێک (ئەگەر پێویست بکات) وە گەورەساڵی شایستە. کارگەرە کۆمەڵایەتیەکان پرسیارت لێدەکەن دەربارەی ژیانی تۆ وە خێزانەکەت بۆ ئەوەی بڕیار بدەن کە ئایا بە تەمەنەکەت ڕازی دەبن یان نا.

### ئەزموونی ئێمە

من سێ کۆبوونەوەم کرد لە نووسینگەی کارگەرە کۆمەڵایەتیەکە، بۆ ماوەی ٢-٣ کاتژمێر هەر جارێک. ئەوان پرسیاریان لێکردم کە ئەگەر پشووم پێویست بێت. کۆتاییەکەی کورت بوو کە پێیان ڕاگەیاندم باوەڕ بە تەمەنەکەم دەکەن.

بۆ یەکەم جار کە کەیسێکم پێی لەناوەندی پۆلیس، بۆ ماوەی یەک کاتژمێر بە وەرگێڕی تەلەفۆنییەوە. پێیان ڕاگەیاندم کە من گەورەم. منیان برد بۆ ماڵی گەورەکان بژیم. پاش ئەمە گفتوگۆم لەگەڵ پارێزەرێک کرد کە ئەو تەمەنەی خۆم دانی پیانرایەوە. جاری دووەم ئەمە سێ کۆبوونەوەمان کرد لە ئۆتێلێک، ئەوان هێشتا باوەڕ بە تەمەنەکەم ناکەن

یەکەم چاوپێکەوتنم کرد لە لیڤەرپوول، زیاتر لە ٤ کاژێری پێچوو بە بێ پشوو. ئەوان باوەڕیان بە تەمەنەکەم نەکرد.


ئەو پرسیارانەی کردیان چیین؟
ئێە هەموومان پرسیاری جۆراوجۆرمان لێکراوە وە چەندین چار دووبارە کراونەتەوە، ئەمانە هەندێکن لە شتە بنەرەتییەکانی کە پرسیارمان دەربارەی لێکراوە:
بۆ ووڵاتەکەی خۆمم جێهێشتووە و هاتووم بۆ یوکەی وە کێ یارمەتی داوم.
چۆن لە یوکەی ئاگام لەخۆم دەبێت
خێزانەکەم و ساتیەکانی منداڵییم
گەشتەکەم بۆ شانشینی یەکگرتوو.
بە چی ووڵاتێکدا گەشتم کردووە.
خوێندن و کارکردن لە ووڵاتی خۆم.
دەربارە گوندەکەم وە دیانەتم.


# وەزارەتی ناوخۆ و پرۆسەی هەڵسەنگاندنی تەمەن

کاتێک بۆ یەکەم جار دەگەیتە یوکەی، ئەگەر هۆم ئۆفیس باوەڕی وابێت کە تۆ زۆر گەورەتر دەردەکەویت لەوەی کە دەیڵێیت، لەوانەی مامەڵەی گەورەت بۆ بکەن وە بتگوازنەوە بۆ خانوبەرەیەک کە گەورەی لێبێت.

ئەگەر دەتەوێت تەمەنە راستەقینەکەی خۆت دانی پێا بنرێت، داوا لە کەسێک بکە کە یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای کارگەرێکی کۆمەڵایەتیت بکەن کە شتێک ئەنجام بدەن بە ناوی " هەڵسەندگاندنی تەمەن".

قسەبکە لەگەڵ پارێزەری پەناهەندەییەکەت ئەگەر دانەیەکت هەیە، ئەگەر نا پرسیار لە هاوڕێکانت یان خەڵکانێک لە خانووبەرەکەت کە ئەگەر بتوانن یارمەتیت بدەن کە قسە لەگەڵ سازمانێک بکەیت کە یارمەتیت بدەن وەک ڕەفیوجی کانسڵ یان خاچی سوور.




ئومێد بە داهاتوو، ئەندامانی
گروهی ئۆڵ فۆ وەن

# دەرەنجامە ڕێتێچووەکان لە ڕەوانەکردن بۆ کارگەری کۆمەڵایەتی.

(١)
کارگەرە
کۆمەلایەتیەک دان بە
تەمەنەکەت دا دەنێت.
لە لایەن ئەوانەوە
وەک منداڵ
چاوەدێریت دەکرێت.

(٣)
کارگەرە
کۆمەلایەتیەکە وا بیردەکاتەوە
کە تۆ گەورەساڵ بیت. تۆ دەبێت
زۆر بە خێرایی ئامۆژگاری
یاسایی وەرگریت بۆ ئەم
مەسەلەیە. (سەیری بەشی تانە
لێدانی هەڵسەنگاندنی تەمەن
بکە).

(٢)
کارگەرە
کۆمەلایەتیەکە دەیەوێت تەمەنت
هەڵسەنگێنێت. دەبێت ئەوان
خانوبەرەی گونجاو و یارمەتیت
بدەن تا ئەنجامی دەدەن.
(سەیری لاپەڕەی دوایی بکە بۆ
هەنگاوەکان).

# پرۆسەی هەڵسەنگاندی تەمەنی دەسەڵاتدارێتی ناوخۆیی

**ئایا هەڵسەنگاندنی تەمەن پێویستە؟**

دەبێت هۆکارێک هەبێت کە گومان لە تەمەنەکەت بکەن، هەموو کەسێکی گەنج نابێت هەڵسەنگاندنی تەمەنی بۆ ئەنجام بدرێت.

تۆ دەتوانیت لە کارگەرە کۆمەڵایەتیەکەت بپرسیت کە بۆ هەڵسەنگاندنی تەمەنت بۆ ئەنجام دەدەن.

نەخێر:
تەمەنەکەت دانی پێدا نراوە .تۆ وەک منداڵێک بەردەوام لەژێر چاوەدێری خزەتگوزاری کۆمەڵایەتی دا دەبیت.

**بەڵێ؟**
خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی هەڵ دەستێت بە ئەنجا دانی "هەڵسەنگاندنی تەمەن" بۆ ئەوەی کە بڕیار بدەن ئایا باوەڕ بە تەمەنەکەت دەکەن یان نا.

**... تەمەنەت ... ی پێد نەنراوە- ئەوان وا بیر ... ەوە کە تۆ بەتەمەنتریت لەوەی کە دەڵێیت هەیت. دەبێ ... بە خێرایی ئامۆژگاری یاسایی بەدەست بهێنییت. کارگەرە کۆمەڵایەتیەکە دەبێت ڕوونی بکاتەوە بۆچی هەڵسەنگاندنەکەت بداتێ. پاشان وە دەبێت وێنەیەکی گەورە ساڵان لەوانەیە بتگوازنەوە بۆ خانووی گەورە ساڵان و لانە بکرێیت. تۆ نابێت بێ خانە و لانە بکرێیت.**

ئەنجامی ڕێتێچوو

**... تەمەن ڕوودەدات. دوو کارگەری کۆمەڵایەتی چاویان پێت دەکەوێت و پرسیارت لێدەکەن، دەربارەی خێزانت، ژیانت وە چۆن تەمەنت دەزانیت بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی دان بە تەمەنتدا بنێن. تۆ دەبێت وەرگێڕێکت هەبێت کە لێی تێبگەیت و کەسێکی گەورە ساڵی بێ لایەنیش کە متمانەی پێ بکەیت.**

**تەمەنت دانی پێدا ... تۆ بەردەوام وەک منداڵی سەرپەرشتی کراو دەمێنیتەوە.**

# چۆن تانە لە هەڵسەنگاندنی تەمەن بدەیین

**ئەگەر کارگەرە کۆمەڵایەتیەکە تەمەنەکەتی دان پێانەنا، پارێزەرێک بدۆزەرەوە تا بزانیت دەتوانن یارمەتیت بدەن.**

ئەوان دەتوانن:

. دڵنیا بەرەوە لە هەڵسەنگاندنەکە کە بە تەواوی ئەنجام درابێت؛ وەهەروەها

. ئەگەر بتوانیت تانە لە بڕیارەکە بدەیت

لەوانەیە داوات لێبکەن کە بیر لەو بەڵگانە بکەیتەوە کە لاوانیە بتوانیت بەدەستی بهێنیت کە یارمەتی پشتیوانی کەیسەکەت بکات. بۆ نمونە. نامەیەک لە کۆلیجەوە، خێزانی هەڵگرەوە یان ڕێکخراوەیەک کە پشتیوانیت لێبکات.

تانە لێدان لە هەڵسەنگاندنی تەمەن:
پارێزەرەکەت" نامەی بەر لە جالاکی" دەنێرێت بۆ دەسەڵاتدارێتی ناوچەیی بۆ تانە لێدان لە بڕیارەکە کە تۆ ئەو تەمەنەت نییە کە خۆت ووتوتە.

## ئەنجامی ڕێتێچوو

١) کارگەرە کۆمەڵایەتیەکان ڕەدی دەکەنەوە کە دان بە تەمەنەکەت دا بنێن. تۆ دەبێت بە زووترین کاتی گونجاو قسە لەگەڵ پارێزەرەکەر بکەیەوە.

٢) کارگەرە کۆمەڵایەتیەکان هەڵسەنگاندنێکی نوێی تەمەنت بۆ دەکەن .

**٣) کارگەرە کۆمەڵایەتیەکان بڕیاریان دا بە تەمەنت ڕآزی بن. ئەوان وەک منداڵ سەرپەرشتیت دەکەن.**

# تانە لێدانی هەڵسەنگاندن لە دادگادا

پارێزەرەکەت ئامۆژگاریت دەکات کە ئایا پێویستە کەیسەکەت ببەیە بەردەم دادوەرێک کە بڕیار لەسەرتەمەنت بدات یان فەرمان بکات بە دەسەلاتدارێتی ناوچەیی کە هەڵسەنگاندنێکی تەمەنی کە ئەنجام بدەن. ئەمە رەنگ بێت کاتێکی زۆری پێ بچێت.   تۆ پێویستت بە ئامادەکردنی قسەوباسێکی نووسراوە لەگەڵ پارێزەرەکەت وە لەوانەیە کە پێویست بکات کە لەگەڵ دادوەر لە دادگادا قسە بکەیت بۆ دانی شایەتیەکەت.

## ئەنجامی ڕێتێچوو لە دادگادا

٢) دادوەرەکە دەڵێت دەبێت کارگەر کۆمەڵایەتیەکە هەڵسەنگاندنێکی تەمەنی تر ئەنجام بدەنەوە.

٣)دادوەرەکە بە تەمەنەکەت رازی دەبێت. تۆ دەبێت سەرپەرشتی بکرێیت وەک منداڵ

١) دادوەرەکە بە تەمەنت رازی نابێت. ئەمە لەوانەیە رووبدات بە بوونی دادگایی یان بەبێ دادگایی. قسە لەگەڵ پارێزەرەکەت بکە دەربارەی ئەگەری تانە  لێدان لەم بڕیارە.

## ئامۆژگاری ئێمە بۆ تۆ لە ساتەوەختەکانی هەڵسەنگاندنی تەمەندا

- باوەڕت بە خۆت بێت تەنانەت ئەگەر بتخەنە ژێر فشارەوە.

- دڵنیا بەرەوە لەوەی کە هەموو ئەو کەسانەی ژوورەکە بناسیت و بزانیت ڕۆڵیان چییە.

- هەستی پەلەپەل کردنت نەبێ لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەن. هەندێک جار پرسیارت ڵیدەکرێت وە چەندین جار لێتدەکرێتەوە، ئەوە سەر لێشێوێنەرە.

- ئەو کاتانە هەستێکی ترسناکی هەیە وە هەندێک جاریش وەک ئەوە وایە مامەڵەی تاوانبارێکت لەگەڵ بکرێت، بەڵام خەڵکی کە بەمەدا تێپەڕیون، هەستی وایان هەبووە وە تێیان پەڕاندووە.

- لەوانەیە پرسیارت لێبکرێت کە چاوەڕوانیت نەکردووە، ئەگەر وەڵامەکەت نەزانی ئەوە ئاساییە.

- ئەوە بزانە مافەکانت ئەمانەن- دەتوانیت پشوو بدەیت و کەسێکیش کە متمانەی پێبکەیت هاودەمت بێت.

- قسە بکە لەگەڵ ئەو گەورە ساڵانەی کە متمانەیان پێدەکەیت، بەتایبەت ئەگەر هەستت کرد کە فشاری دەرونیت بەرزە.

- ئەگەر لە وەرگێڕەکە تێ نەگەیشتییت زۆر مەترسە کە شتێک بڵێیت. باشتر وایە کە شتێک بڵێیت ئەگەر نا لەوانەیە پاشتر کێشە دروست بکات.

## چی یارمەتی دام کە هەستم بە فشاری دەروونی کرد وە نیگەران بووم:

یاریکردنی تۆپی پێ لەگەڵ کەسانێک کە لەڕێخراوەیەکی خەیری ناسیمن کە فێری ئینگلیزی دەبم لێی.

زانیاری بەدەست هێنان دەربارەی هەڵسەنگاندین تەمەن وە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانێک لە کۆمەڵگەکەی خۆم.

هەست بە ئازادبوون دەکەیت کاتێک ئینگلیزی فێر دەبیت کە یارمەتی تێگەیشتن دەدات.

گفتوگۆکردن لەگەڵ مامۆستاکەم یان پارێزەرەکەم یارمەتیدەرم بوو.

چوون بۆ خوێندنگای زمان (کۆلێژ) وە ناسینی هاوڕێی نوێ یارمەتیدەرم بوو. گرنگە ئە کارانە ئەنجام بدەیت چونکە یارمەتیت دەدات کە هەستی ئارام بوونەوەت هەبێت کاتێک کەسانی خەڵکی وولاتی خۆت دەبینیت.

وەرزش کردن

گفتوگۆکردن لەگەڵ کەسێکدا

من گفتوگۆم لەگەڵ هاوڕێیەکم کرد کە بە هەمان هەل و مەرجدا تێدەپەڕی

ئـلێرەدا باسێک بنوسە لەسەر ئەوەی کە لات وایە
چی بکەیت باشە کاتێک هەست بە دڵەڕاوکێ و
نیگەرانی دەکەیت.

I would like to be in the future a computer engineer and I hope for everyone to get them dreams




(Hopes for the future, ALL4one group member)

# دەبێت چی بکەیت ئەگەر تەمەنەکەت دانی پێدا نەنرا:

هەوڵ بدە کە زۆر نیگەران نەبیت گەرچی لەوانەیە کە هەست بە ترسیش بکەیت. گرنگترین شت ئەوەیە کە بە زووترین کات کە بتوانیت قسە لەگەڵ کەسێک بکەیت بۆ ئەوەی کە بتوابیت هەوڵی دانپیانان بە تەمەنەکەتدا بدەیت.

- بە پارێزەری پەناهەندەییەکەت بڵێ، لەوانیە ئەوان بتوانن یارمەتیت بدەن.
- پەیوەندی بکە بە پارێزەری ئاگاداری کۆمەلایەتی/ یاسای گشتیەوە
- هەوڵ بدە کە ڕێکخراوەی خەیری بدۆزیتەوە کە یارەتیت بدەن لە ناوچەکەی خۆت دا وەک خاچی سوور یان ڕەفیوجی کانسڵ.
- قسە لەگەڵ بەڕێوەبەری ماڵەکەتدا بکە ئەگەر لە خانوی گەورەساڵاندا بوویت.

قسە لەگەڵ خێزانی سەرپەرشتیارتدا بکە یان کارگەری پشتیوانیت بۆ ئەوەی بەڵکم یارمەتیت بدەن پارێزارێک بدۆزیتەوە.

# تێبینیەکان:

# تێبینیەکان:

# تێبینیەکان:



Greater Manchester
IMMIGRATION AID UNIT

سوپاسی کەسە گەنجەکانی سەر بە گروهی ئۆڵ فۆ وەن دەکەین. ئەم ڕێنماییە نەخشاندووە بە هیوای ئەوەی کە یارمەتی گەنجانی دیکە بدات کە بە هەڵسەنگاندنی تەمەندا تێدەپەڕن وە هەروەها ببێتە هۆی گۆڕینی شێوازی هەڵسەنگاندنەکەش.

سوپاسێکی بێپایان بۆ ئادەم فلینت بۆ یارمەتیدانی بۆ وێنە شیکارییەکان وە بۆ فرێشفیڵدز برۆکهەوس دێرینگە بۆ نەخشەکێشان و بەرهەمهێنانی ئەم ڕێنماییە.


بۆ ئەوەی زانیاری دەربارەی گروهی ئۆڵ فۆ وەن
بزانیت یان کارکردی ئێمە لەسەر هەڵسەنگاندنی تەمەن،
پەیوەندی بکە بە بەشی فریاگوزاری پەناهەندە لە
مانچستەری گەورە بەم ژمارە و ئیمەیڵەی خوارەوە:
0161 740 7722 and info@gmiau.org
www.gmiau.org

تەموزی ٢٠٢٠


Registered charity number 1123908

Greater Manchester
IMMIGRATION AID UNIT

Freshfields Bruckhaus Deringer